Kurdistan Region Government/Iraq
Ministry Of Interior
General Directorate Of Traffic
مديريــــــة المرور العامــــــة

حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق
وەزارەتـــی ناوخـــۆ
بەڕێوەبەرایەتـــی گشـــتی هاتووچـــۆ
(( کاروباری هونەری ))

ژمارە : ١٠٠٩٤
ڕێکەوت : ١٦/ ١١/ ٢٠٠٨

بـــۆ //-
گشت بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی هەرێم ( هەولێر )
بابەت / ڕێنمایی
* * * * * * * * * * * * *

بەر فەرمانی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان / یاسایی ژمارە / ٥٣٤٤ لە ٢١/٤/٢٠٠٨ وە نوسراومان ( کارگێری ) ژمارە / ١٠٩٨٧ لە ١٦/١٠/٢٠٠٨ هاوپێچ بڕیاری لێژنەی تایبەت بە کێشەی ئۆتومبێلە گەورەکان و ڤان و کرێ و جامی ڕەش و ڕەنگ و چونیەتی ڕێک خستنی مامەڵەکان ڕەوانە دەکەین ، بۆ جێ بە جێ کردنی برگەکان و ئاگادارکردنەوەمان تکایە ٠

هاوپێچ
. . . . .
بڕیاری لێژنە

لیوای ماف پەروەر
ئازاد صالح خۆشناو
بەڕێوەبەری گشتی هاتووچۆ
١٦/ ١١/ ٢٠٠٨

وێنەیەك بۆ //-
. . . . . . . . . .
وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ / یاسایی نوسراوی سەرەوەتان بۆ زانین لەگەڵ ڕێزمان ٠
لێژنەی پشکنین
هۆبەی میری | بۆ زانین و جێ بە جێ کردن ٠

أ- درێژی ئۆتومبێلی ترێله به شێوەی ئاسایی نابێت بەسەرك و عەرەبانه لــه ١٦/٥م زیاتر بێت ، پانیشی له ٢٦٠م زیاتر بێت ، بەرزیشی له عەردەوە له ٤م زیاتر بێت ٠

ب- عەرەبانەی دورست کراو له وولاتی ( خۆماڵی ) ( صنع محلی ) نابێت به هیچ شێوەیەك له ١٢/٥م زیاتربێت ، پانیشی له ٢٦٠سم زیاتر بێت ٠

ج- هەر عەرەبانەیەك درێژی له ١٢/٥م زیاتر بــوو دەبــێ رەوانەی گشتی بکرێت بــه مـەرجێك دریــژی پشت عەرەبانەکه له تایەی دواوه له نیوەی ماوەی نێوان تایەی پێشەوه و دواوەی عەرەبانەکه یان لۆریەکه زیاتر نه بێت ٠

د- قاتیره مەقتوره ( راکێشەرو راکێشراو ) نابێت له ٢٠م زیاتر بێت به مەرجێك له یەك جـۆرو رەنگ بێت ٠

ه- هەر گۆرانکاریەك یان دەستکاریەك یان زیاد کردنی عەرەبانه دەبـێ رەزامــەنــدی گشتــی وەرگیرێت ٠

و- ئەگەر پانی عەرەبانه یان درێژیەکەی زیاتر بوو له برگه أ – ٧ وەك لـۆلـۆدەر و گواستنەوەی ئۆتومبێل و فریزەرو هەمەچەشنەکانی دەبێ رەوانەی گشتی بکرێت به مەرجێك پـانیەکەی له ٣م زیـــاتـــر نـەبێت و درێژیەکەشی له ٢١م تێ نه پەرێت ٠

⑧ سەبارەت به ئۆتومبێلی ڤان ئەم خالانەی خوارەوە جێ به جێ دەکرێت :-

أ- ئۆتومبێلی ڤان نا کرێت به کرێ ٠

ب- ئۆتومبێلی ڤان ئەگەر دوو کورسی بوو دەبێ تابلۆی بارهەلگری پێ بدرێت ٠

ج- ئۆتومبێلی ڤان ئەگەر ٤ کورسی بوو پشتی ڤان بوو تابلۆی بارهەلگری یان تایبەتی پێ بدرێت به مەرجێك بەلێن بدات بۆ کرێ به کاری نەهێنێ لەگەڵ وەرگرتنی رەزامەندی گشتی سەبارەت به تابلۆی تایبەت ٠

⑨ سەبارەت به ئۆتومبێلی مینی باس و به هبەهان ئەم خالانەی خوارەوە جێ به جێ دەکرێت :-

أ- هەر ئۆتومبێلێك له جۆری مینی پاس ( MNI BUS ) بوو ژمارەی کورسیەکانی له ١٤ چواردە کورسی زیاتر نەبوو دەکرێت به کرێ یان تایبەت به مەرحێك بەلێن بدات کرێ ی پێ نەکات و رەزامەنــدی گشتی وەرگـرێت سەبارەت به تابلۆی تایبەت ٠

ب- هەر ئۆتومبێك له جۆری پاص ژمارەی کورسیەکانی له ١٥ کورسی بۆ سەرەوە بوو دەبێ ژمارەیی کرێ ی پێ بدرێت

ج- ئۆتومبێلی جۆری بەهبەهان دەکرێت به کرێ به مەرجێك مۆدیلەکەی گونجاو بێت و مەرجەکانی توندوتۆلی هەبێت ٠

⑩ سەبارەت به جامی رەش ئەم خالانەی خوارەوە پەیرەو دەکرێت :-

أ- جامی رەشی تاریك دەبێ بگۆرێت ، ئەگەر دەست نەکەوت دەبێ سێ پسوولەی بێ نێ که دەست ناکەوێ ، ئینجا بەلێن بدات له ماوەی دوو مانگ بگورێت وه له سالیانەکەش بەخەتی سۆر ئاماژەی پێ بکرێت ٠

ب- جامی کاڵ به رەنگی قاوەی یان کەسك ردوانەی گشتی دەکرێت ٠

ج- جامی ئاوێنه دەبێ بگۆرێت ٠